# دەسەڵات ، سەرسەختترین دوژمنی گەنجە

جەمال پیرە

لە چییەوە دەست پێبکەین؟ بەکام ئاقاری تێگەیشتن دا گوزەر بکەین ؟ ئەمە ئەو پرسیارە بێزار کەرانەیە کە قەدەری ئێمەی پێوە بەستراوەتەوە پرسیارێکن بەردەوام لە سەر زاری مرۆڤە لەرو لاوازەکانی ئێمە ئاسادا دوبارە دەبنەوە ،نازانم بۆچی توانای ئێمە ئەوەنیە بە ئامادەکراوی لەم پرسیارانەوە دەستپێبکەینو وەلآمێکی پر بەپێستی زەمەنی دەربرینیان بدەینەوە؟لەراستیدا کەسێتی مرۆڤی پەروەردەکراوی ئەم کۆمەڵگایە کەسێتیەکی خالّی لە جورئەتو فەلەجە، دەستەمۆیە، هەربۆیەش لەبێجورئەتیدا جورئەتی دەربرینی ئەم پرسیارانە دەکات ، مەبەستمە بڵێم مرۆڤی ئێمە ئازایە لە پرسیار کردندا بەلآم تەمبەڵە لە گەڕان بەدوای بەدەستهێنانی راست و دروستیی وەلآمەکان ، پرسیارێکیش گەر نەگەیشتە وەلآمی راستەقینەی خۆی هەڵبەت لە دەرئەنجامدا خاوەنەکەی کەسێتێکی سەقەتی لەم شێوەیەی سەرەوەی لێدەردەچێ ، ئەوەی راستی بێ گەنجی کورد لە نێو قەیرانێکی نەخۆشی درێژخایەندا ، بە ئەبلەقی ماوەتەوە گەنجی کورد ئەو کائینە سەرلێشێواوەیە کە هەمیشە لەبەد بەختی خۆیدا تەسلیم بەهەموو ئیرادەیەك دەبێت کە رووبەرووی دەبێتەوە، ڕەنگە زۆر کەس لەم بڕیارە خێرایەی مندا لەگەڵم نەبێ، شتێکی زۆر (ئاسایی)یشە کە خوێنەر خوێندنەوەیەکی جیاوازی هەبێو بەپێی تێگەیشتنی خۆی ئەم فەرەیزەی من راڤە بکات ، دیارە کەمن هەر لە خۆمەوە ئەم حوکمە نادەم ئەوەتا دەیان نموونەی زیندووم لە بەر دەستە کەمن پێموایە ناوهێنانیان لەم وتارەدا زەروور نییە هەر لە ملکەچبوون بۆسیاسییەکانەوە بگرە تا دەگاتە ملکەچی مادەو ئایدۆلۆژیا جیاجیاکانو بەڕێوەبەرە وەزیفییەکان. هەڵبەتە من لەگەڵ ئەوەدام کە هیچمان خاوەنی هەموو راستیەکان نین بەڵام ناکاتە مانای ئەوەی کە هەموانیشمان وەکو یەکو بەیەکسانی لە دیاردەکان تێگەیشتوین، من لێرەدا سەرجەم ئەو بەرامبەرانەی کە ئیرادەی ملکەچکردنی گەنجیان هەیە

بەدەسەلآت ناو دێنم، دەسەلآت ئەو بوونەوەرە دڕندەیەیە لای من کە مەحاڵە بواری ئەوەی پێبدرێت بێمننەتانەو دوور لەترسی رای گشتی قسەی خۆی هەبێت هەر دەسەلآتێك ترسی تۆڵەی خەڵکی نەبوو سەرکوتکەرو دیکتاتۆرە، کەدەسەلآت لەرای گشتی شەقام نەترسێ دیارە خاوەنی نیازێکی پاك نییەو هەڵگری پەیامی قودسیەتو دەستگرتنە بە پیرۆزیەکان . لە دنیای نوێدا تەنها هەڵەیەکی بچوکی سیاسیەکان دەبێتە مایەی شکستو هەرەسهێنانی گوتاری سیاسی لایەنی هەڵەکەر، دەبێ بەخاڵێکی کاریگەر بۆ ئەوەی لایەنەکانی تری بەرانبەر شوێنی بگرنەوە، بەلاّم لەدنیای ئێمەدا رێك بە پێچەوانەوەیە، حەزدەکەم مەسەلەکە بەواقیعی دەسەڵاتی کوردی ببەستمەوە کە پێموایە بەستنەوەی ئەم حاڵەتە بەواقیع یەکێکە لە مەرجە هەر سەرەکییەکانی دڵنیابوون لە ئایندە، بۆچی گەنجی ئێمە ناگۆرێت ؟چۆن بتوانن گەنجو تێگەیشتنی گەنج بگۆڕین بەشێوەیەك کە راشکاوانە تف لەهەموو تێگەیشتنو عەقیلیەتێکی پیر بکات، با ئەو پیرەش بە حیسابی خۆی دۆستو لایەنگری ئەم توێژە هەوێن ئاسایەی کۆمەڵگا بێت ئەمە پرسیارێکی زیندووە لە تەك پرسیارێکی گەورەتردا ئەویش ئەوەیە: بۆچی دەسەلآتی ئێمە لە کوردستاندا سەرجەم پێوەرو مامەڵە رۆژانەییەکانی خۆی لە چاوی ئینتیماکردنی گەنجانەوە بۆ حیزبەکەی خۆی دەبینێتەوە؟بەداخەوە لەم مەملەکەتەی ئێمەدا هەرچی هەڵوێستو روانگەیەکی نوێیە بەسەقەتی دێت!! ئەوەی کە دەبێ لەمەودوا کاری بۆ بکرێت، بێگومان لەلایەن گەنجانەوە بریندارکردنی بەردەوامانەی هەستی هەموو دەسەلآتەکانە لە پێناو لەقکردنی پێگەو شوێنی دەستبەسەراگرتوویاندا، لە پێناو ئەوەی کە چیتر گەنج چاوی لەوە نەبێت گەورەکەی هاوکاریی بکات بەڵکو خۆی دەسەلآت بگرێتەدەستو هاوکاریی بە ناو گەورەکان بکات، خۆ ئەگەر حیسابی رابردووی سیاسییو شۆڕشگێڕیش بکرێت گەنج هەر لەسەرووەوەیە، ئەوەتا سەرجەم شۆڕشو راپەڕینەکان لە مێژووی ئێمەو گەلانی تری جیهانیدا لەسەر دەستی گەنجو بە خوێنی ئەوانەوە چەکەرەیان کردووەو گەیشتوونەتە ئاکام، ئەگەرچی بەتەنها پشتبەستن بە ماندووبوونی رابردوو

هەڵەیەکی زەبەلاحە، گەر تواناو سەردەمگەرایی ئێستایشی لەگەڵدا نەبێ، من سەرەتاترین هەنگاوی گۆڕان لە گۆڕانی دیدگاو هەستو بیرکردنەوەدا دەبینمەوە نەك گۆڕانی شکلییو هەیکەلیی، ئێمە گەنجێکمان ناوێ پێشەوامان بێو دەسەڵاتدار بێت کە خاوەنی دەموچاوو هەیکەلو بۆدییەکی جوانی سەردەمییانە بێت ئەوەندەی گەنجێکمان دەوێت هەڵگری بەهاو ئەخلاقیاتی ئینسانی نوێ بێتو خاوەن تێگەیشتنێکی سەردەمییانە بێت، بە شێوەیەك کە ملکەچ بە ئیرادەی هیچ ئاراستەو بۆچونێکی پیر نەبێت، رەنگە زۆر کەس پێیوا بێت کە مەرج نییە بیرکردنەوەی گەنجانە بەتەنها لای توێژی گەنجانەوە هەبێت بەڵکوکەسێتیی پیریش هەن بەجەستە پیرن بەڵام بە بیرکردنەوەو تێگەیشتن نا، من هەموو بۆچونێکی لەم شێوەیە بە قسەی قۆڕو بێمانا دەزانمو پێشموایە ئەمە فێڵێکی تری دەسەڵاتە لەهەمبەر گەنجاندا، نەخێر هیچ پیرێك وەکو گەنج ناتوانێ لە ئێشو ئازاری گەنج بگات پێویست ناکات کەس نموونەی هیچ کەسێکم بۆ بێنێ، هێنانەوەی هەر نموونەیەکی لەم شێوەیەش ملکەچبوونێکی ترە بۆ دەسەڵات، دەسەڵات دوژمنی سەرسەختی ئینسانەکانە لەناو ئینسانەکانیشدا گەنج بەهەردوو رەگەزەکەیەوە، ئەوە نییە دەسەڵات کە ئەرکی خۆیەتی خزمەت بە سەرجەم چینو توێژو کایە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵ بکات کەچی دێو بێمننەتانەو بەبەرچاوی هەمووانمانەوە لەلایەك کەمتەرخەمییەکی بێسنوور دەکاتو وەڵامی پرسیارە لە ئارایەکانی گەنجی پێنادرێتەوەو لەلایەکی تریشەوە لە راگەیاندنەکانی خۆیدا مێشکی هەموومان دەبات بەوەی کە گوایە خزمەتکاری کۆمەڵە، لە راستیدا دەسەڵاتەکانی کوردی خزمەتکاری ئەو مرۆڤانەن کە ئینتیمایان بۆ پرۆگرامەکانیانەوە کردووەو بێدەنگن لە بەرامبەر هەموو کەموکووریی‌و کێماسییەکدا. چ کارەساتێکە لە ناو دەسەڵاتێکدا کە بەردەوام بە نیازی کڕینی بێدەنگیی مرۆڤەوە بێت، واتا خەریکە لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا دەوڵەمەندترین کەسانێك ئەوانەبن کە بێدەنگترینیانن، لەکاتێکدا کە دەبوایە رەخنەگرەکانیان بوونایە،، تۆ سەیرکە وڵاتێك بە درێژایی ١٥ساڵی رابردوو"باسی سەردەمی داگیرکاریی ناکەم" واتە لە دوای راپەڕینەوە تاکو ئێستا ئەوەی کە

زەرەرمەندترین ساتی بۆ ئەم خەڵکە ناوەتەوە دەسەڵاتدار بووە! ئەوەی کە بووەتە هۆی دەرپەڕاندنو ماڵوێرانیو تۆقاندنو ئاوارەکردنی بەشی هەرە زۆری لاوەکانمان ململانێی نادروستی حیزبەکان بووە، ئەوەیشی کە نەیهێشتووە خەڵك بڕژێنە سەرشەقام دژ بەم کردەوانە هەمان ئەو دەزگا ئاسایشە حیزبییو دەسەڵاتدارەکان بووە کە لای ئێمە بە پەرتەوازەیی ناسراون، ئەوانەی کە لە کاتی ئێستا دا داوای هەماهەنگیو هاوکاریی لە هەمان ئەو هاوڵاتییانە دەکەن کە وەکو پێویست هەست بە خۆشەویستی ئەوان ناکەن، وابزانم بێ گۆڕینی ستراکتۆرو بونیادی دەزگاکانی ئاسایشو یەکگرتنەوەیان هەرگیز چاوەڕێی هاوکاریکردنی خەڵکی نابێ بکرێ، ئێستایش کە (من) پێموایە قۆناغێکی تر هاتۆتە پێشو لەسەرەتاکەیداین ئەگەر بڕیار وایە دەسەڵاتو حیزبە کوردییەکان بەهەمان نەفەسی رابردووی خۆیان ئیدامە بدەنە کارو چالاکییو مامەڵەکانیان ئەوا لەبەرانبەردا دەبێ چاوەڕوانیی کارەساتو فەوزای نوێ بێ کە پێشتر ئەنجام نەدرابێ، بڕوام وایە بەهیچ شێوەیەك گەنجی کورد لەمەودوا هەموو شتێك قەبوڵ ناکات، دیارە کە مافێکی رەوای ئینسانی خۆیەتیو داوای هیچ شتێکی زیادەی نەکردووە، لەمەودوا بێدەنگیی تەنها بۆ کەسانێك دەبێ کە کەمخوێنن لە تێگەیشتندا، لەبەر ئەوەی بە حیساب لێرەوە دەسەڵاتەکان لەیەکتر جیادەکرێنەوەو ئیدی لەمەودوا حیزب باوکی پارلەمانو حکومەتو قەزا نابێت بەڵکو بە پێچەوانەوە، بۆیە دەڵێم هەموومان چاوەڕێی ئەو رۆژەین کە بتوانین کەسە پێشێلکارەکان ئەوانەی کە بە ناوی گەنجبوونەوە فێڵ لە مرۆڤەکان دەکەن بیاندەینە دەستی قەزاو لەوێوە بگا بە هەقی خۆی، کە خواستێکی لە مێژینەی هەموو دیموکراسیخوازو مەدەنیخوازێکە....

jamalpira@yahoo.com